# بەرگریی شارنشینی

٢٠١٩

## گفتوگۆی ڤینیس ئیمانوێل لەگەڵ

## دەیڤد هارڤەی

وەرگێڕان: کەیوان نوری

بەرگریی شارنشینی

گفتوگۆی ڤینیس ئیمانوێل لەگەڵ دەیڤد هارڤەی

وەرگێڕان: کەیوان نوری

ڤینیس ئیمانوێل: پێشەکیی کتێبی (شارە شۆڕشییەکان) بە باسی ئەو ڕووداوانە دەست پێ دەکەن کە لە دەیەی ١٩٦٠دا لە پاریس ئەزموونتان کردووە: باڵەخانە گەورەکان، شەقامە فراوانەکان، خانووبەرەی گشتیی بێ ڕۆح، بەکاڵابوونی قۆرغکارانەی شەقامەکان کە لە خۆیدا هەڕەشەیەک بوو بۆ هەڵلووشینی پاریسی کۆن... پاریس لە دەیەی ١٩٦٠ بە دواوە لەناو کێشمەکێشی قەیرانێکی وجودییدا بوو و کۆن نەیدەتوانی بەردەوام بێت. هاوکات، لە هەمان ساڵی ١٩٦٧دا بوو کە (هانری لوفبور) ڕیسالەی ئەسڵی خۆی لەبارەی (مافی شارنشینی)یەوە نووسی. دەتوانن باسی ئەو ماوەیە، واتا دوو دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ بکەن؟ چۆن بوو گرنگیتان بە فەزای شار دا؟ ئامانجتان لە نووسینی (شارە شۆڕشییەکان) چی بوو؟

دەیڤد هارڤەی: لە ئاستی جیهانیدا بە زۆری دەیەی ١٩٦٠ لە لایەنی مێژووییەوە بە قۆناغی قەیرانی شارنشینی دەناسرێت. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای دەیەی ١٩٦٠، ماوەیەک بوو کە لە زۆرینەی شارە گەورە و گرنگەکان بڵێسەی ئاگر بەرزبووبووەوە. لە شارەکانی وەک لۆس ئەنجلس و دیترۆیت، شۆڕش و ڕاپەڕینەکان سەریان هەڵدا، هەڵبەتە دوای کوشتنی (دکتۆر مارتین لۆتەرکینگ) لە ساڵی ١٩٦٨ زیاتر لە ١٢٠ شاری ئەمریکا نائارامی و جووڵەی شۆڕشگێڕیی بەرفراوان یاخود سنووردار ڕوویان دا. من ئەم ڕووداوانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەبیر دەهێنمەوە، چونکە ئەوەی لە واقیعدا ڕووی دەدا، ئەوە بوو کە شار مۆدێرنیزە دەکرا، لە بواری ئۆتۆمبیلدا مۆدێرنیزە بەڕێوە دەچوو، هەروەها مۆدێرنیزەی پەراوێزەکانی شار دەستی پێ کردبوو. شاری کۆن، یان ئەوەی کە ناوەندی ئابووری، سیاسی و

کلتووری شار بە درێژایی دوو دەیەی ١٩٤٠ و ١٩٥٠ بوو، لە ئێستادا دەبوو بە بەشێک لە ڕابردوو. لە بیرتان نەچێت کە ئەم پرۆسەیە لە سەرتاسەری جیهانی سەرمایەداری گەشەکردوو دا ڕووی دەدا. بۆیە بە تەنها تایبەت نەبوو بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. مەسەلەی جیدیتر لە بەریتانیا و فەرەنسا هەبوون، لەو شارانەدا شێوازی کۆنتری ژیانکردن هەڵدەگیرا، فۆرمێک لە ژیان کە گومان ناکەم هیچ کەسێک هەستێکی نۆستالژیی بۆی هەبێت. بۆیە ئەم شێوازە لە ژیان بەرەو دواوە پاڵدەنرا و فۆرمێکی نوێی ژیان شوێنی دەگرتەوە کە لەسەر بازرگانیکردن و خاوەنداریێتی و مامەڵەکردن بە موڵکەکان و دروستکردنی شەقامە درێژەکان و ئۆتۆمبیل و پەراوێزنشینی وەستا بوو. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو هەموو گۆڕانکارییانە ئێمە بینەری زیادبوونی نایەکسانی و نائارامی کۆمەڵایەتی بوین.

لەو ماوەیەدا لە هەرکوێیەک کە دەبوویت، نادادپەروەرییەکی چینایەتیی ڕووت، یان نادادپەروەرییەکی چینایەتی بوونی هەبوو کە قورساییەکەی بە چڕی لەسەر گرووپە کەمینەکان کۆ بووبووەوە. بۆ نموونە: ڕوونە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو خەڵکانەی کە بە ڕەچەڵەک ئەفریقایی بوون و لەناو دڵی شارەکاندا نیشتەجێ بوون، دەرفەتێکی ئێجگار کەمیان هەبوو لە بواری هەلی کار یاخود سەرچاوەی کاری. هەر بۆیە دەیەی ١٩٦٠ دەورانێک بوو کە لەژێر ناوی قەیرانی شاریدا ناودەهێنرێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە و تەماشای هەموو کۆمسیۆنەکان بکەین، ئەوەی ئەو کۆمسیۆنانە دەبوایە لە ماوەی ئەو دەیەیەدا ئەنجامی بدەن لە پێناوی چارەسەری قەیرانی شاریدا، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی ئەو قەیرانە دەیان کرد، دەبینین کە بەرنامەی دەوڵەتی ئامادە دەکرا کە لە بەریتانیا تا فەرەنسا و تا ویلایەتە یەکگرتووەکان جێبەجێ دەکرا. هەر بەو شێوەیە، هەموو ئەوانە هەوڵیان دەدا (قەیرانی شاری) بکەن بە بابەتی ئیشکردنیان. من ئەو قەیرانەم بە بابەتێکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە و ئەزموونی ڕۆحێکی برینداری ئەو جۆرە لە ژیانکردن دەزانی. دەزانن ئەو شارانە هەرچی زیاترە پڕ لە خەڵک دەکران، وەک ئەو خەڵکانەی لەناو کەمپە زۆرەملێکان بەرەڵا دەکران و لەگەڵ ئەوان وەکو مرۆڤگەلێک ڕەفتار دەکرا وەک ئەوەی کە بە هیچ جۆرێک بوونیان نەبێت.

قـەیرانی دەیـەی ١٩٦٠ قـەیرانێکی تـەواو بـوو، لوفبـور زۆر بـە باشـی لێـی تێگەیشـت. لوفبور باوەڕی وابوو کە خەڵکانی پەراوێزنشینی شاری دەبێت بڕیار بدەن لە بارەی ئەوەی کە ئەو پەراوێزانـە بـە چ شـێوەیەک ڕێکبخرێن و دەبێت تێڕوانینی خۆیـانی لـە سەر بدەن. ئەوانەی کە بەرگریان دەکرد دەیانویست بە سوودوەرگرتن لـە مافەکانیان ئەو شەپۆلە بەرەو دواوە پاڵ بنێن کە لـە بوارەکانی پـەراوێزی شارنشینی و شـەپۆلی مامەڵـەکاری بـە موڵکـەکانیان کـە لـە سـەرتاسـەری وڵاتـانی سـەرمایەداری پیشەسـازی دەستی پێ کردبوو.

ڤینیس ئیمانوێل: لە بەشی یەکەمی کتێبەکەتاندا نووسیوتانە: "ئەو بابەتـەی کـە چ جـۆرە شـارێکمان دەوێـت، ناتوانرێـت جیابکرێتـەوە لـەو مەسـەلەیەی کـە دەمانـەوێت چ جـۆرە خـەڵکێک بـین، بـە دوای چ جۆرێـک پەیوەنـدی کۆمەڵایەتیـدا دەگـەڕێین، لـە هـەوڵی دروسـتکردنی چ جـۆرە پەیوەندییەکداین لەگـەڵ سروشـتدا، خوازیـاری چ فۆرمێـک لـە ژیـانکردنین، یـان بـە کامـە بـەهای جوانیناسـانە باوەڕمـان هەیـە". بـەڵام ئـەم مەفهوومـە پێشـەکییە لەبـەر ئـەوە بـوو کـە چوارچێوەیـەکی نیولیبراڵیزم کـە لـە دڵیـدا دەژیـن، بـە ڕاشکاوی باس بکەن. دواتر هەر لە هەمان بەشدا ئاماژە بە کۆمۆنەی پاریس دەکەن و کۆمۆنـە بـە ڕووداوێکـی مێـژووی بـۆ شـیکارکردن دەزانـن و بـە دڵنیاییـەوە هـەوڵی تیۆریزەی شتێک دەدەن کە بێگومان (مافی شارنشینی) دەبێت هاوشێوەی ئەوە بێت. ئایا نموونـەی دیکـەی مێژوویی هەیـە کـە بتوانێت ڕەنگدەرەوەی شـتێکی لـەو چەشـنە بێـت؟ دەتـوانی قسـە لەسـەر ئـەو گرفتانـە بکـەیت کـە دێتـە ڕێگـەتان، بەتایبـەت لـە چوارچێوەی نیولیبراڵیزم؟

دەیڤد هارڤەی: پێم وایە ئەم هاوکێشەیە زۆر گرنگە. ئەو جۆرە شارەی کە دەمانـەوێت بنیـاتی بنێـین، دەبێـت ڕەنگدەرەوەی ئـارەزوو و پێداویسـتییە شـارییەکانی ئێمـە بێـت. دەزانی ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسـی، کلتـووری و شـاریی ئێمـە زۆر گرنگـە. بـە چ شـێوەیەک دەتـوانین ئـەم ڕەوت یـان پرۆسـانە گەشـە پـێ بدەین؟ ئەمـە کـارێکی گرنگـە، هـەر بۆیـە بـۆ ئـەوەی لـە شـارێکی گـەورەی وەک نیویۆرکـدا بژیـت، دەبێـت

گەشتێک بە دەوریدا بکەیت، پیاسە بکەیت، لەگەڵ خەڵکانی دیکە بە شێوازی زۆر تایبەت ڕەفتار بکەیت. بەو شێوەیەی کە هەمووان دەزانن خەڵکی نیویۆرک حەزیان لەوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتر توند و سارد بێت، مانای ئەوە نییە کە هاوکاریی یەکتری ناکەن، بەڵکو لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندی کاروبارەکانی ڕۆژانە، ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەسەر شەقامە گەورەکان، دەبێت بەشێوەیەکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ شاردا بکەن. جیا لەوە ژیان لە کۆمەڵگایەکی داخراو لە پەراوێزی شارەکاندا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تێڕوانینی تایبەت لەبارەی ئەوەی کە ژیانی شارنشینی دەبێت چۆن بێت. ئەم شتانە ڕەوتی سیاسیی جیاواز دەخولقێنێت کە بە زۆری دەبێتە هۆی پارێزگاری لە قۆرغکاری و جیاکاریی تایبەتی کۆمەڵایەتی لە ژیانی ئەو شتانەی کە لە پەراوێزی شارەکاندا ڕوو دەدەن. ئەمە ئایدیایەکی زۆر گرنگە بۆ من: کاردانەوەی شۆڕشگێڕی دژی ژینگەی شاری پێشینەی مێژوویی هەیە.

بۆ نموونە، لە پاریس و لە ساڵی ١٨٧١ جۆرێک لە تێڕووانین بوونی هەبوو کە تیایدا خەڵک جۆرێکی جیاوازی شارنشینییان دەویست. دەیانویست چەندین جۆر خەڵکی جیاواز لەو شارەدا بژین. ئەم تێڕوانینە کاردانەوەیەک بوو بە ڕووی چینە باڵاکان، گەشەی مامەڵەکاری-بەکارهێنەرانە کە لەو ماوەیەدا ڕووی دەدا. هەر بۆیە شۆڕشێک بوو کە چەندین جۆر پەیوەندیی جیاوازی دەخواست؛ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی سێکسی و پەیوەندیی چینایەتی.

بەم شێوەیە، ئەگەر دەتانەوێت شارێک بونیاد بنێن کە ژنان تیایدا هەست بە ئارامی بکەن. بۆ نموونە: دەبێت شارێک بونیاد بنێن کە زۆر جیاوازتر بێت لەو شارانەی کە ئەمڕۆ هەمانە. هەموو ئەم پرسیارانە گرێدراوە بەو پرسیارەوە کە دەمانەوێت لە چ جۆرە شارێکدا بژین؟ ناتوانین ئەوە لەو شێوە مرۆڤەی کە دەمانەوێت ببین، فۆرمی پەیوەندیی ڕەگەزی، جۆری پەیوەندیی چینایەتی و هاوشێوەی ئەوانە جیا بکەینەوە. بۆ من، پرۆژەی بونیادنی شار بە شێوەی جیاواز، بە فەلسەفەی جیاواز، ئایدیایەکی زۆر گرنگە. هەندێ کات ئەم ئایدیا لە ساتە شۆڕشگێڕییەکاندا فۆرم وەردەگرێت، وەک

کۆمۆنەنی پاریس. زۆر نموونەی دیکە هەیە کە دەتوانین بیریان بهێنینەوە، هاوشێوەی خۆپیشاندانی گشتیی سیاتل لە دەوروبەر ١٩١٩، کە تیایدا خەڵکی دەستیان بەسەر تەواوی شاردا گرت و دەستیان بە دروستکردنی دامەزراوە ئیشتراکییەکان کرد. لە بۆینس ئایرس لە ٢٠٠١ هەمان ئەو شتانە ڕوویان دا. لە ال آلتو لە ٢٠٠٣ تەقینەوەیەک لە جۆرێکی دیکە ڕووی دا. لە ماوەی ٢٠ بۆ ٣٠ساڵی ڕابردوودا لە فەرەنسا بینیومانە کە ناوچە پەراوێزەکانی شار نوقمی شۆڕش و بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکان بوون. لە بەریتانیا هەر چەند ساڵ جارێک ئەم یاخیبوون و شۆڕشانە دەبینین، کە لە حەقیقەتدا ناڕەزایەتییە دژی ژیانێکی بژی و مەمرەی ڕۆژانە کە ئەزموونی دەکەین. لە ئێستادا ساتی شۆڕشگێڕی لە کەنارەکانی شار بە هێواشی لە گەشەدایە. ناتوانرێت لە ماوەی یەک شەودا هەموو شار بگۆڕدرێت، بەڵام ئەوەی دەبینین گۆڕانکاریی فۆرمی شارە لە سەردەمی نیولیبراڵیزمدا. پێشتر، بۆ نموونە لە ناوەندی دەیەی ١٩٧٠، زۆرێک لەم ناڕەزایەتییانە تایبەتمەندیی شارنشینی بوو، جیاکاریی کۆمەڵایەتی گەورەبوونی هەبووە و لە واقیعدا وەڵامدانەوە بە زۆرێک لە ناڕەزایەتییەکان "پلانڕێژی دووبارەی شار لەسەر بنەمای نیولیبراڵیزم لەبارەی باوەڕبەخۆبوون، قبوڵکردنی بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی، کێبڕکێ، دابەشکردنی شار بەسەر چەندین کۆمەڵگای داخراو و نایابدا" بووە. هەر بۆیە بۆ من پلانڕێژیی دووبارەی شار پرۆسەیەکی ماوە درێژە. خۆشبەختانە، خەڵکی ناچارن بیر لە فۆرمێک لە گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕی بکەنەوەکە لە ساتێکی دیاریکراوی کاتدا ڕوو دەدات. هاوشێوەی بۆینس ئایرس لە ساڵی ٢٠٠١ کە کۆمەڵێک لە بزووتنەوە بوونیان هەبوو، ڕێبەرایەتیی دەستبەسەرداگرتنی کارگەکان و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکرد. لە حەقیقەتدا ئەو بزووتنەوانە بە شێوەی جیاواز فۆرمی دڵخوازی خۆیان سەپاند و دەستیان بە خستنەڕووی چەندین پرسیاری جدی کرد: دەمانەوێت چی بین؟پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سروشت بە چ شێوەیەک بێت؟ چ جۆرێک لە شارنشینیمان دەوێت؟

ڤینیس ئیمانوێل: دەتوانن لەبارەی هەندێک لەم هاوکێشانەوە قسە بکەن؟ بۆ نموونە دەکرێت قسە بکەن لەبارەی پەراوێزنشینی وەکو دەرئەنجامی شێوازی ڕاکێشانی

زیادە بەرهەم و لەو ڕووەوە چارەسەری گرفتی ڕاکێشانی سەرمایەی زیادی. بە جۆرێکی تر، بۆچی شارەکانمان لەم شێوە تایبەتەدا لە دانیشتووان خاڵی بوون؟ ئەم پرسیارە بە تایبەت بۆ گوێگرانی ناوخۆیی لە ناوچەی باکووری ڕۆژئاوا تا نزیکی ناوەندی ڕۆژئاوای ئەمریکا کە لە ماوەی ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بە تەواوی وێران بووە، پێشبینیکەرانەیە. یان بۆ نمونە ئێستا تێچووی وەستانی ئۆتۆمبێل لە ناوەندی شاری شیکاگۆدا ڕۆژانە نزیکەی ٦٠ دۆلارە، لە کاتێکدا بەکارهێنانی هێرۆین لە پەراوێزەکاندا بە سنووری تەقینەوە گەیشتووە. دراوسێ کەمینەکان نوقمی توندووتیژی و هەژاری و سەرکوتکاریی پۆلیس بوون. دەتوانن لە بارەی ئەم پرۆسانەوە قسە بکەن.

دەیڤد هارڤەی: دیسان ئەمە پرۆسەیەکی دوور و درێژە. بهێڵن بۆ دەیەی ١٩٣٠بگەڕێینەوە. هەوڵێکی زۆر جیددی بوونی هەبوو کە دەیویست ڕێگەیەک بۆ بەکارهێنانی سەرمایەی زیادی بکاتەوە. شتگەلێکی هاوشێوەی (بەرنامەی بەکارهێنانی زۆرترین ڕێژەی هێزی کار) ڕۆزفێڵتتان هەبوو. دەزانن دروستکردنی شەقامی پان و بەرین و کاری هاوشێوەی ئەوە. واتا هەوڵدان بۆ خستە جووڵەی سەرمایەی زیادی و کارێکی زیادە کە لەبەردەستیدا بوو. بەڵام تا کاتێک کە جەنگی جیهانیی دووەم ڕووی دا، هیچ ڕێگەچارەیەکی (واقیع)ی نەدۆزرایەوە. ئەوکات ئەو زیادەیە بەکارهێنرا لە پرۆسەی جەنگدا (بەرهەمێنانی پێداویستی و ئامرازەکانی جەنگ) زۆرێک لە خەڵک چوونە ناو ڕیزەکانی سوپا و بەو شێوەیە زۆرینەی کرێکارانیش بەرەو ئەو پانتاییە ڕاکێشران. هەر بۆیە جەنگی جیهانیی دووەم لە ڕووکاردا گرفتی قەیرانی گەورەی چارەسەر کرد. ئەوکات دوای ساڵی ١٩٤٥ ئەم پرسیارە خرایە ڕوو: دوای ئەوەی کە جەنگ تەواو دەبێت، چی ڕوو دەدات؟ چی بەسەر ئەو هەموو سەرمایە زیادەیەدا دێت، باشە ئەوکات لە ئەمریکا پەراوێزنشینیتان هەبوو. لە پراکتیکدا (دروستکردنی پەراوێزنشینەکان). لەو زەمانەدا ئەوە بونیادنانی گەڕەکە فراوانەکان لە پەراوێزی شاردا بوو، کە چارەسەری گرفتی سەرمایەی زیادەی کرد. سەرەتا سیستەمی دروستکردنی ڕێگاوبانی فراوان، دواتر هەمووان دەبوایە ئۆتۆمبێلیان هەبێت. ئەوکات

بوون بە خاوەن خانوو لە پەراوێزەکانی شاردا، بۆ چینی کرێکار وەکو بوون بە خاوەنی (کۆشک) ئەژمار دەکرا. هەموو ئەوانە کاتێک ڕووی دا کە چینی هەژارکراوی کۆمەڵگا، ناوەندی شارەکانیان چۆڵ دەکرد. ئەوە ڕەوتی شارنشینی بوو کە لە دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا ڕووی دا. زیادەیەک کە سەرمایە هەمیشە بەرهەمی دەهێنێت، بەم شێوەیە بەکار دەهێنرا: سەرمایەداران لە سەرەتای ڕۆژدا بە قەبارەیەکی دیاریکراوی پارە دەستیان پێ دەکرد و بە پارەیەکی زیاترەوە کۆتاییان بەو ڕۆژە دەهێنا. ئەم پرسیارە خۆی قوت دەکردەوە: لە کۆتایی ڕۆژدا چی لەو پارەیە بکەن؟ دەبێت شوێنێک بۆ سەرمایەگوزاریی ئەو پارەیە پەیدا بکەن (یان فراوانکردنی سەرمایەی پێشوو- یان دۆزینەوەی پانتاییەکی نوێ).

سەرمایەداران بەردەوام ڕووبەڕووی ئەم بابەتە دەبنەوە؟ فراوانکردن یان دەرفەت بۆ خوڵقاندنی پارەی زیاتر لەکوێدایە؟ یەکێک لە دەرفەتە گەورەکانی فراوانکردن لە نموونەی کۆمەڵگای سەربازی-پیشەسازی و پانتایی ئابووری لەو شێوەیە. بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوە پەراوێزنشینی بوو کە زیادەی سەرمایەی بەرەو خۆی ڕاکێشا. لە ئێستادا ئەو بابەتە گرفتی گەورەی پێکهێنا بوو، لە نموونەی قەیرانی شارنشینی دەیەی ١٩٦٠. ئەوکات ڕووبەڕووی هەلومەرجێک بووینەوە کە سەرمایە جارێکی دیکە بەرەو ناوەندی شارەکان دەگەڕایەوە و دیسان دەستی دەگرتەوە بەسەر ناو شارەکاندا. دواتر ئەم جیهانە گەڕایەوە، هەر بۆیە خەڵکانی دەستکورت و هەژار هەرچی زیاترە پاڵنران بەرەو پەراوێزەکانی شار، هاوکات کە خەڵکە دەوڵەمەندەکان بەرەو ناوەندی شارەکان دەگەڕانەوە. بۆ نموونە لە شاری نیویۆرک و لە ساڵی ١٩٧٠، دەتتوانی ڕێک لە ناوەندی شاردا بە پارەیەکی کەم شوێنێک بۆ ژیان بدۆزیتەوە، چونکە زیادەیەکی گەورە موڵک لەو سنوورەدا بوونی هەبوو، هیچ کەسێکیش نەیدەویست لە ناوەندی شاردا بژی. بەڵام هەموو ئەوانە گۆڕانی بەسەردا هات: شار بوو بە ناوەندی مەسرەفگەرایی و مالییە. هەر بەو شێوەیەی کە ئاماژەتان پێ کرد، وەستاندنی ئۆتۆمبێلێک لە گەراجدا هێندەی کرێی خانوویەک بۆ نیشتەجێبوون تێچووی هەبوو. ئەوە گۆڕانکارییەکە کە ڕووی داوە. بە کورتی ئەم پرۆسەی شارنشینییە لە

سەرتاسەری دەیەی ١٩٤٠ ڕووی دا و تا دەیەی ١٩٦٠ درێژبووەوە. ئەوکات جارێکی دیکە پرۆسەیەکی شارنشینی نوێ سەری هەڵدا، کە لە ماوەی پاش دەیەی ١٩٧٠ دەستی پێ کرد. لە پاش دەیەی ١٩٧٠ سەنتەری شار زۆر بە شێوەیەکی خێرا دەوڵەمەند بوو. لە واقیعدا مانهاتن کە لە دەیەی ١٩٧٠دا لە مەسرەفگەرایدا شوێنێکی دەستپێوەگر بوو، لە پراکتیکدا بوو بە کۆمەڵگای داخراوی گەورە (گوندە داخراوەکانی شار- شار لە ناو شار) بۆ خەڵکانی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار. لە هەمان کاتدا هەزاران کە بە زۆری کەمینە نەتەوەییەکان بوون، بەرەو پەراوێزەکان وەدەر نران. یاخود لە نیویۆرک، خەڵکی هەزار بەرەو شارە بچووکەکانی باکووری نیویۆرک، یان پەنسلڤانیا وەدەر نران. ئەم وێنە گشتییەی شارنشینی لەگەڵ ئەو پرسیارەدا سەروکاری هەیە کە لە کوێدا دەرفەتی سوودهێنەری سەرمایەگوزاری دەدۆزیتەوە؟ بەو شێوەیەی کە دەیبینین، لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوو لە هیچ پانتاییەکی ئابووری واقیعیدا دەرفەتی سەرمایەگوزاری سوودهێنەری نەبووە. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا قەبارەیەکی گەورەی پارە خراوەتە بازاڕی خانووبەرە، دروستکردنی خانوو لەگەڵ ئەو بەشانەی گرێدراوی ئەون.

دواتر شاهێدی واقیعیەتێک بووین کە لە پایزی ٢٠٠٨دا ڕووی دا؛ کاتێک کە وەهمی خانووبەرە ڕەوییەوە. هەر بۆیە دەبێت شارنشینی وەکو بەرهەمی گەڕان و پشکنین بە شوێن دۆزینەوەی ڕێگا بۆ ڕاکێشانی زیادبوونی هێزی بەرهێنەری و بەرهەمی یەک کۆمەڵگای سەرمایەداریی گەشەکردوو ببینین کە ئەگەر خواستی بەردەوامی ژیانی هەبێت، ئەوا دەبێت بە نرخێکی سەرتر لە ٣٪ گەشە بکات. پرسیاری من ئەوەیە کە بە چ شێوەیەک ئەم گەشەی بەردەوامی ٣٪ لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا ڕادەکێشین، بە شێوەیەک کە ئەگەر دەستبەرداری دووریانی بە بنبەست گەیشتووی شارنشینی/پەراوێزنشینی ڕابردوو ببین؟ تیۆریزەی ئەوەی کە مومکینە ڕوو بدات زۆر گرنگە.

سەرچاوە/ فصلنامەی نقد اقتصاد سیاسی/ جلد ١-٢ زمستان ١٣٩١